www.kurdistannet.org
13-12-2004 22:13

# زەنطي سەري ساڵ ... شۆأش محەمەد عەلي

سێ چركە.. بەر لەلێدانی زەنگی سەری ساڵی نوێ.. من و قەڵەمێك و بوتڵێكی شووشە و مۆمێكی نێمچە مردوو.. لەسەر مێزی بوون و نەبوونم رۆنیشتین.. سێ چركە دانیشتن بێ تۆ.. ئەی خۆشەویستی ئەبەدی.. یانی سێ كاژێر، سێ رۆژ، سێ مانگ.. سێ ساڵ و زەمەنێكی نادیار لەتەمەنی تۆپیوم.. . !!لینگە دەستاری ئەو زەمەنە، بەبێ تۆ.. بەمن ناسۆرێ.. وا پێكی یەكەم و دووەم و سەدەم.. لە كۆپتێڵی فرمێسكی قەتیس ماوو خوێنی خەستی رژاوی دڵم هەڵدەدەم.. لەهەر فڕێكا تۆم بەهەموو خۆشی و ناخۆشیەكەوە دێتە بەرچاو.. وەك مانگ، ئەستێرە، ئاسمان، زەوی.. بەرزی و نەوی، بیابان.. ماسی، دەریا.. هەموو شتێكی پاكی دونیا.. شێوەت بۆتە مانگ و گوڵە ئەستێرانیش یەك یەك بە تەلە مووی قژی خاوت شۆر دەبنەوە.. لەگەڵ نزیك بوونەوەی سەمفۆنیای ساڵی نوێ.. وەك بەندۆڵ دێنو دەچن و سەما دەكەن.. منیش بەسەر خۆشیەوە.. دەروێشانە بەخەیاڵی شەوانی گەر تۆ.. دەستم لەدەفەی سینەی مانگ گیر دەكەم.. پەنجەكانم شێتانە دەئاخنمە نێو تەلە مووەكانی قژتو یەك یەك تارو تۆ و بۆنیان دەكەم.. یەك.. دوو.. سەد، ملیۆن و.. .. .. .. . ئەو چركەیە هەر كۆتایی نایە.. منیش بەردەوام شانەیان دەكەم.. مەست و شەكەتو پەكەت دەبم.. لەهیلاكیا.. لەپڕێكا ساچمەیێ دەكەم.. گوڵە ئەستێرەكان دەپڕژێن.. وەك دیمەنێكی خەیاڵی بەئاسمانی رۆحمدا پەرش و بڵاو دەبن.. ئاسمان سەوزو سورو والا.. پەرەی گوڵ و دڕو مەرجان و مرواری.. وەك پەلكەزێرینە.. بەنەرمە سەماوە لەقژت جیا دە بونەوە و لەسەر دارە زلەكەی بەردەم پەنجەرەی ژوورەكەم دەنیشنەوە.. . ئـــــــای.. ئەمە خەونە.. خەیاڵە.. یا هەستی نامۆیی و دووربییە.. .. بەهەر حاڵ.. بۆنی خە ستی پێكی دەستو جوانی دارەكەو ووردە سەمای گەڵاكان.. هێندەی ترمەستم دەكەن ولەپەل و پۆم دەخەن.. .. سێچركەی ماوە بۆ لێدانی زەنگی سەری ساڵ.. قاچم زەوی ناگرێ و زمانم ناگەڕێ.. . چاوەكانم شەشو بێش دەكەن.. وا هەست دەكەم لەو غوربەتی و تەنیاییە.. كەسێكی تێك شكاوم.. كۆشكێكی داتەپیو روخاوم.. . ( (.. . دەگورێ.. توخوا گورێ.. سەرت بێنە دەرێ.. لە تاقان.. لەپەنجەران.. لەشانشینان.. لەچوارگەناران.. ئەرێ براینە، برادەرینە.. ئەمن چەند حەكیم و لوقمانم هاتونەتە سەرێ.. حەكیم و لوقمانان دەرێن.. بریندارى گورێیە.. پێی نابەین زەفەرێ.. . داد گورێ.. داد گورێ.. ) ) ئەو سێ چركەیە كۆتایی نایە.. . نەگوڵێ دێتە دەرێ.. نە ئەو ساتە كورتەش بەخۆشی دەچتە سەرێ.. . وەی گوڵێ.. داد گوڵـــــــ